سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی
بەشی زمانی کوردی (بەیانیان و ئێواران )
قۆناغی دووەم ( ا ، ب )

# رێبازە ئەدەبییەکان

**ئامادەکردنی**
**د. بەکر شاکر کاروانی**

٢٠٢٢ زاینی          ٢٧٢٣ کوردی          ١٤٤٣ هیجری

## سێیەم : ڕێبازی ڕیالیزم لە ئەدەبی ئەورووپیدا :

### ا- چەمک و مانای ریالیزم :

_وشەی ریالیزم بەمانای واقیعی بنەچەو ڕەسەن دێت  واتا قوتابخانەی واقیعبینی ، لەراستیدا وشەی ریالیزم بە درێژایی مێژوو بەمانای جیا جیا هاتووەو تەنها هەرئەو مانایە نییە کەواتای واقیعگەرایی دەگەیێنێت ؛ لە فەلسەفەی ڕێبازەکاندا وشەی ریالیزم هەراو هۆریایەکی زۆری دروستکرد ، لەسەر ئەوەی کە دەڵێت : (ئایا جیهانی دەرەوە خۆی وەک وجوود هەیە یان بوونی تەنها لەناو مێشکی مرۆڤدا هەیە) ، ئەو کەسانەی کە برِوایان بە جیهانێکی سەربەخۆ هەبوو پێیان دەوتن (ڕیالیستەکان) ، بەڵام ئەوانەی وایاندەزانی (ئەوەی کەهەیە) واتە شتەکان لەنێو زیهن ومێشکی مرۆڤدا هەیە ، بۆیە پێیان دەوتن (ئایدیالیستەکان) ، ئەم جیاوازیەی نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیە هەر لەئەدەبدا نەبوو, بەڵکو لە هونەریشدا ڕەنگی دایەوە ، چونکە ریالیزم واتە رێبازی گفتوگۆو نووسین لە بارەی واقیعی کۆمەڵایەتی ، بەڵام ریالیزمی ئایدیالیزم تەنها بریتییە لە خەیاڵی شاعیرانە لە نووسین وگوتندا .

**پێناسەی ریالیزم لە ئەدەبدا :** بەو واتایە دێت کەهەموو بابەتێکی فیکری چارەسەرێکی بابەتیانەی کێشەکانی ژیانی مرۆڤ بکات و ئەم چارەسەریە وێنەکێشێکی وردو قووڵ و لەباری وای تیابێت نووسەر خۆی لەدەرەوەی بابەتدا بدۆزێتەوە ، **یان** ئەو واقیعەی وەک ڕاستییەک لە بوونی سروشت و مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت ؛ لێرەدا دەتوانین بڵێن مانای ریالیزم وەک لەو نامەیەی کە (بیلینسکی) بۆ (گۆگۆڵ)ی ناردووەو تێیدا رێنمایی دەکات و ماناکەی ڕووندەکاتەوە دەردەکەوێت ، کە تیایدا هاتووەو دەڵێت : (ژیان بەو شێوەیەی کە لە دەوروبەرتە بینوێنەو مەیرازێنەوە واتە دووبارە دروستی مەکەرەوە ، ژیان لەسەر شێوەی راستەقینەی خۆی نیشان بدەو لە کلاوڕۆژنەی چاوی خەڵکەوە برِوانە ژیان ، نەک لەپشت چاویلکەی ڕەش و تاریکییەوە .

**ریالیزم لەهونەردا :** ئاوازێکە بۆ مرۆڤایەتی دەگوترێت و هەڕەمێکە بەرەو پێشەوەی دەبات و ڕەنگدانەوەی ڕاستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکە ، هونەرمەند تێیدا دەژێت

**ب-زاراوەی ڕیالیزم**(Realisme): بەپێی قامووسی لاروسی فەرەنسی، ل(1186) لە دوو وشە پێکهاتووە ریال(Real) + یزم( isme) ، کە دەکاتە (حاڵەتی بینینی واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە) ، **لە بواری رەخنەسازیدا :** واتە ئەو قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەی کە سروشت وواقیع وەک خۆی پێشکەش دەکات بێ ئەوەی بیڕازێنێتەوە .

**ڕیالیزم لەڕووی شێوەوە :** ڕیالیزم بایەخ بە زمان وشێوەی ئاخاوتنی ئاسایی خەڵک دەدات ، واتە ڕەنگدانەوەی شێوەکانی ئاخاوتنی خەڵک وەک ئەوەی کە هەیە .

**لەڕووی زمانەوە :** دەبێ زمانەکەی دووربێت لەوشەی زەقی بریقەدارو شێوەی بەلاغی ، هەروەها وردو پڕماناو گونجاو بێت ولەگەڵ بارودۆخدا بگونجێت .

**ج- جۆرەکانی ریالیزم :** ریالیزم لەوشەی (واقیع)ەوە هاتووەو دووجۆرە :

**ا : ڕاستەقینە :** بەو مانایەی کە بابەتەکان وەکخۆی لەبووندا هەن و بەڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە باس بکرێن ، واتا وەسفکردنی شتە ڕاستیەکان وەکخۆی ، کە دانەیەکی تری واقیع وەکو وێنەیەکی فۆتۆکۆپی بابەتە ئەسڵییەکە بەرجەستە دەبێت .

**ب : هونەری :** بریتییە لە داهێنانێکی بەرجەستەیی بۆ ڕووداوێکی ڕاستەقینە ، بەڵام مەرج نییە دەقاودەق وەکخۆی بێت ، هەرچەندە بابەتەکەی لەواقیعەوە وەرگرتبێ ، دەکرێ ڕووداوەکە لە چوارچێوەکەی خۆی نەمێنێتەوە بەوەی کە نووسەری ڕیالیزم هەندێکجار لە جۆری ڕووداوەکە کەم دەکاتەوە یان زیادەی دەخاتەسەر ، بەجۆرێک لاسایی بابەتە ئەسڵیەکە دەکاتەوەو شێوازی گێڕانەوەکەشی دەگۆڕێت ، واتە ڕیالیزم وێنەکێشانێکی داهێنەرانەیەو بنەماکانی واقیعی ژیانی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات ، نووسەری ڕیالیزمی کەسێکی داهێنەرە نەک وێنەکێش .

**د- مێژووی سەرهەڵدانی ڕیالیزم :**

وشەی ڕیالیزم وەک زاراوە بۆ یەکەمجار لەساڵی (1843)و لەلایەن ڕۆماننووسی فەرەنسی (شامپفلۆری) بەکارهات ، ئەمەش لە بەیاننامەیەکدا بەناونیشانی مانیفێستی ڕیالیزم کە تێیدا دەڵێت : سیفەتی ریالیست دەدرێتە پاڵ من ، پاش ئەو ڕۆماننووسی فەرەنسی (دورانتێ) وشەی ڕیالیزمی بەکارهێناو، دوای ئەویش نیگارکێش (گۆستاڤ کۆربێ) لەساڵی(1855) لە شێوەی واقیعدا (realite N)ی بەکاریهێنا ، کە کردبوویە دروشمی سەردەرگای پێشانگایەکی شێوەکاری خۆی ، لەساڵی (1856) یش لەلایەن (دورانتێ و هاورێکانی) گۆڤارێک بەناوی ڕیالیزم دەرکراو تیایدا بە توندی هێرشیان کردەسەر پەرناسییەکان و ڕۆمانسیەکان .

**ە- قۆناغەکانی ڕیالیزم لە ئەوروپا :**

لە ئەوروپادا ڕیالیزم بەسەر سێ قۆناغ تێپەڕدەبێ : ڕیالیزمی سەردەمی ڕێنیسانسی سەدەی (15-16) ، ڕیالیزمی سەردەمی ڕۆشنگەری سەدەی(17-18) ، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەی سەدەی (19) ؛ بەبۆچوونی مێژوونووسانی ئەدەب مێژوەکەی بۆ سەردەمی ڕێنیسانس دەگەڕێتەوە ، بەڵام ڕیالیزم وەک ڕێبازێک خۆی لەساڵی (1843ز) بوو کە مانیفێستێکی بۆ ڕاگەیێندراو بووبە ڕێبازێک بۆ ئەوەی نووسەرو هونەرمەندان لەسەری بڕۆن .

لە چارەگی دووەمی سەدەی نۆزدەو لەیەک کاتدا ڕۆمانسیەت دوو دوژمنی سەرسەختی بۆ پەیدا بوو ئەوانیش (ڕیالیزم وپەڕناسیزم) بوون ، کە هەردووکیان لەیەککاتدا پێیان وابوو دەبێ دارو پەردووی خەیاڵبازی ساویلکانەی ڕۆمانسیەت لەبن هەڵتەکێندرێن ، ئەم دوو ڕێبازە خۆشیان دژی یەکتریش بوون ، لە دوای چەسپاندنی ریالیزم لە ئەوروپا قۆناغەکانیش ئەمانە بوون :

**ا- ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە** : ئەم ڕێبازە واقیعی ژیانی مرۆڤ وکۆمەڵگای بەشێوەی ڕەخنە گرانە دەخستە بەرچاوو لایەنە خراپەکانی کۆمەڵ ومرۆڤایەتی لە چوارچێوەیەکی ڕەخنەییدا پێشان دەدا ، بەتایبەتی ڕەخنەگرتن لەچینی دەسەڵات دارو حکومەت ، لە ئاکامدا وای لەخوێنەر دەکرد کە بیرلە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ گرفتەکانی ناو بەرهەمەکان بکاتەوە .

**لەڕووسیا :** گۆگۆڵ و هەندێ لە بەرهەمەکانی لیۆ تۆلستۆی و باسترناک و ئیلیا ئیهرەنبێرگ سەربەم ڕێبازە بوون ، ڕەخنەگرانی ڕووس ڕۆڵێکی دیاریان لە تیۆریزەکردنی بنەماکانی ئەو ڕێچکەیەدا هەبوو ، **ئەدگارەکانی ئەم قۆناغەش ئەمانە بوون** :

**1-گەڕانەوە بۆواقیعی سروشتی** : واتە ئاوێتەکردنی خواستەکانی مرۆڤ وبنەماکانی گۆڕان ، بۆیە (هینری دێ بلزاک) لەسەر ناوی (کۆمیدیای یەزدانی)یەکەی دانتی کۆمەڵەی سەد ڕۆمانەکەی خۆی بە ناوی (کۆمیدیای مرۆڤایەتی) ناوناوە .

**2- بێلایەنی نووسەر** : نووسەری ڕیالیزم کەسێکی گەواهیدەرە لەسەر ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگا ، بەڵام کەسێکی بێلایەنەو چ ببینێت ئەوە دەگێڕێتەوە .

**3- شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان**: مەبەست لە دۆزینەوەی هۆکارو ئەنجامەکانی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن و تاکەکان کاری‌پێ دەکەن ، ڕیالیزمییەکان ئەو دیاردانە بەبنەماکانی : ئایینی ومێژوویی وئابووری ورامیارییەکانەوە گرێ دەدەن ، ڕەنگە هەندێکجار یاساکان بە پێچەوانەی خواستەکانی کۆمەڵ بن ، بەڵام نووسەر ئەو یاسایانە لەگەڵ ئاواتەکانی تاکەکەسیدا دەگونجێنێ ، ئەویش ڕەخساندنی واقیعە لەگەڵ مرۆڤ

**ب- ڕیالیزمی سۆشیالیزمی :** بە (ڕیالیزمی نوێ)ش ناودەبرێت ، ئەو قۆناغە بەرپەرچ دانەویەک بوو دژی کلاسیزم وڕۆمانسیزم ، سەرهەڵدانی سۆشیالیزم تێڕوانینێکی فەلسەفی بوو بۆ سەرجەم بەشە مەعریفییەکان ، لەو سەردەمەدا بایەخێکی زۆر بە ئەدەبی ڕیالیزمی دەدراو هەوڵ دەدرا کێشەکانی کۆمەڵ وچینەکانی گەل بخرێتەڕوو ، چونکە قۆناغی یەکسان کردن و دەربڕی خواستەکانی چینی کرێکاران و جوتیاران بوو ،

**ئەدگارەکانی ئەم قۆناغەش ئەمانەن :**

1-**لەواقیعێکی هەستپێ کراوەوە بابەتەکانی دەخاتەڕوو** ، ئەمە لەئەنجامی تێگەیشتنی بنیاتی کۆمەڵگاو فاکتەری کاریگەر لەڕەوش وململانێی فیکریەوە سەری هەڵداوە .

2- **ئەدیبی ڕیالیزم پێشەنگی کۆمەڵە** ، بەو پێیەی کە وشیارییەکی تەواوی لە کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیدا هەیە .

3- **ڕیالیزمییەکان لە بۆچونێکی مارکسیەوە دەڕواننە کێشەو خواستەکانی کۆمەڵ** و دەیانوێت بە ڕوویەکی دادپەروەرانە چارەسەری هەموو کێشەکان بکەن .

4- **ڕیالیزم تەنها کێشەکان ناخاتەڕوو** ، بەڵکو پرۆسەی شیکارییان بۆ دەکات و هۆکارە کاریگەرییەکانیش دەستنیشان دەکات .

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی(1917)ی روسیا ڕیالیزمی سۆشیالیزمی بە هەموو وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبۆوە ، تا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەیەکجاری لە ئەدەبیاتی جیهانیدا جێی خۆی کردەوە .

**ڕابەرانی ئەو قۆناغەش ئەمانەن :**

- (بیلینسکی1848م) دامەزرێنەری قوتابخانەی (زانستی ئیستاتیکای ڕیالیزمی)بوو
- چیرنشفسکی (1889م) ، نامەیەکی بەناونیشانی (زانستی ئیستاتیکا) نووسیوە .

**ج- ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە :** لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان ، بزاڤی رزگاری خوازی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفەریقا دژبە داگیرکەران ووڵاتە زلهێزەکان سەری هەڵدا ، ژێرخانی ئابووری وڵاتە بندەستەکان بەجارێک داڕووخا بوو ، دەسەڵاتی مەرکەزی و چەوساندنەوەی گەلان گەیشتبووە لوتکەو لەلایەن گەلانەوە قبووڵ نەدەکرا ، هەروەها سەرخانی کۆمەڵگا ژێردەستەکانیش بەو ڕەوشە کاریگەر بوون ، بۆیە ئەدەبیش لەم لایەنەدا بێبەری نەبوو ، چونکە شاعیران لە شیعرەکانیاندا کێشەو داخوازیەکانی نەتەوەکانیان دەخستە ڕوو ، لەهەمانکاتدا شاعیران ببوون بە پێشڕەوی گەلان وشیعرەکانیان بەمەشخەڵی رزگاریخوازیی ، بەوجۆرە ئەدەبێکی تر هاتەکایەوە کە پێی دەگوترا ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە .

**و- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕیالیزم :**

١- لەئەنجامی لاوازی ڕۆمانتیکیەت ، وەک بەرپەرچدانەوەو قووڵبوونەوەی ڕۆمان تیکییەکان لە نێو خەیاڵ و پشتگوێخستنی هۆش وبیر ، ڕیالیزم سەریهەڵدا .

2- پێشکەوتنی زانست وداهێنانەکانی بواری بایۆلۆژیاو سروشتناسی و بۆماوەیی هۆکارێکی تری دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە بوو .

3- کلاسیزم ورۆمانسیزم تاڕادەیەک کۆمەڵانی خەڵکیان پشتگوێ خستبوو ، چونکە بابەتە کانیان بانگەشەبوو بۆ چینی بۆرژواو ئەرستۆکراتی ، بۆیە سەرهەڵدانی ڕیالیزم وەڵام دانەوەیەک بوو بۆ خواستەکانی جەماوەرو چینی ژێر دەستەکان .

**ی- تایبەتییەکانی ڕێبازی ڕیالیزم :**

1- مەوزوعیەت وکۆمەڵخوازی .

2- فەرمانڕەوایەتی بیرو بیری زانستی

3 - ڕۆچوون بەناو دەروونیدا .

4- فەرمانڕەوایەتی ڕۆمان .

5 - پەرەپێدانی بیری ئازادی وتاکباوەڕی لەپێناو کۆمەڵدا .

6- هاوچەرخایەتی .

## ی- ا : خاسیەتەکانی ڕێبازی ریالیزم :

1 - بە تێڕوانینێکی گشتی و هەمەلایەنی لە ژیانی مرۆڤ دەڕوانێت ، واتا هەردوو لایەنی خودی و بابەتی لەبەرچاو دەگرت بە چاک و خراپییەوە .

2- ڕیالیزم مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی خودی سەیر ناکات ، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی داگیرکەر لە ژیان و کۆمەڵ سەیر دەکات .

3- ژینگەو بارودۆخی کۆمەلایەتی ودەوروبەر کارلە دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەی کەسەکان دەکات وجۆری پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوروبەر دیار دەکات .

4- ڕیالیزم پاڵەوان وادەردەخات کە لەسەرەتادا ئاساییەو پاشان گەش دەکات و دەردەکەوێت نەک وەک کلاسیزم ورۆمانسیزم کە پاڵەوان ئامادە دەکات .

5- ئەو جیهانەی ڕیالیزم باسیدەکات بوونی بابەتی هەیەو لەو بوونە دەکۆڵێتەوەو کاردانەوەی بەسەر دەوروبەردا دەردەخات نەک بەشێوەی خەیاڵی دوور لە واقیع .

6 -لای ئەدیبەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە مەبەست لەهونەرەو شتەکان خۆیان دەربارەی خۆیان دەدوێن و تەنیا کارێکی هونەری بەجێدێڵێ و پاشان ئەو بەرهەمە خۆی لە خۆیدا لە خزمەتی سیاسەت و کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە یان نا .

7- ڕەگەزی سەرەکی ئەدەب لای ڕیالیزمیەکان پەخشان بوو ، بەتایبەتی هونەری ڕۆمان ، شیعر ئەوەندە گرنگی پێ نەدەدرا بەڵکو زیاتر چیرۆک وشانۆگەریی بوو.

8- ئەگەرچی ڕیالییزمی ڕەخنەگرانە بابەتەکانی لە ناخی ژیانی چینەکانی کۆمەڵەوە وەردەگرێ ، بەلام هاوکات بابەتی میتافیزیکی و مێژوویشیان فەرامۆش نەکردبوو .

9- فرە بابەتی لای ڕیالیزمییەکان لە ئەنجامی ئەوەوە بوو ، کە لە هەموو چینەکانی کۆمەڵدا شارەزا بن و بیانخەنە ڕوو ، بۆیە پاڵەوانەکان هەمەچەشنە بوون .

10- لەڕووی ڕوخسارەوە نووسەرانی ڕیالیزم هەوڵیاندەدا بەزمانێکی پاراوڕەوان گوزارشت لەواقیع بکەن ، بۆ ئەمەش شێوازو دەستەواژەی دوورلە هەڵچوونیان بەکار دەهێنا .

## ک- رابەرانی ڕێبازی ریالیزم :

**لەفەرەنسا :** بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٨٤٣) لەلایەن رۆماننووس (شامپفلۆری) زاراوەی ریالیزم بەکارهات ، پاشان (مۆرگێ ودۆرانتێ) بە نووسینەکانیان چەسپاندیان ، ئینجا (هینری دێ بێلزاک وهینری ستاندال وئیمیل زۆلاو فلۆبێرو ستیڤ مالارمێ و ئۆجین سۆو جیدی مۆپاسان وئەلیکسەندەر دوماس) هاتن زیاتر پەیڕەویان لە ناوەڕۆک و بنەماکانی کردوو بلاویان کردەوە .

**لە ئینگلتەرا :** (چارلز دیکنزو برۆنتی و ثاکری) ،

**لە رووسیا :** (گۆگۆڵ ولیۆتۆلستۆی و دیستۆڤسکی ومەکسیم گۆرکێ مایاکۆفسکی).

**لە ئەڵمانیا :** (ئەلفرێد مایسنەر) ڕۆڵی لە بلاوکردنەوەی ئەم ریبازەدا هەبوو .

## **ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا :**

### **ا : چەمک و پێناسەی ریالیزمی کوردی :**

ریالیزم ئاوێنەی ژیانە ، هەر هونەرمەندێک یان نووسەرێک بە چەشنێک ئەو ژیانە پیشان دەدات ، بەڵام هونەرمەند یان نووسەری راستەقینە ئەو کەسەیە کە هونەرو بەرهەمەکەی بە خەڵک دەبەستێتەوە ، ئاوێنەی خەباتی درێژی خەڵکە لە پێناوی ئازادی و خۆشی ژیاندا دژی چەوساندنەوە بەهەر چەشنێک بێت ، ئەگەر پێناسەیەک بۆ ریالیزم بکەین دەبێ بڵێین :

**ریالیزم :** بریتییە لەو هونەرو ئەدەبەی کە ژیان وکۆمەڵ بەهەموو دیمەن و واتای قوڵ و بەرینیەوە بە چاوی ئەم هونەرمەندە یان نووسەرو شاعیرە پیشان دەدات

### **ب : مێژووی سەرهەڵدانی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا :**

بەبۆچوونی ڕەخنەگران ومێژوونووسانی ئەدەب ، مێژووی سەرهەڵدانی رێبازی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا ، بۆ کۆتاییەکانی سالآنی سییەکان دەگەڕێتەوە ، بەڵام پاش جەنگی دووەمی جیهان وەک قوتابخانەیەکی سەربەخۆ کە شادەمارەکانی بەسترا بوون بە ژیانی گەلی کوردو سامانی نەتەوەیی ورەگەزە ریالیستیەکانیەوە بە تەواوی جێگیربوو، پاشان توانی پشت بە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تریشەوە ببەستێت .

### **ج : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی :**

بێگومان دەرکەوتن وسەرکەوتنی ریالیزم لەدوای جەنگی دووەمی جیهان شتێک نییە لە خۆیەوە هاتبێت و نەبەسترابێت بەباری کۆمەلآیەتی وئابووری وڕامیاری کوردستان و ناوچەکەوە ، بەڵکو باری ئەو سەردەمەی جیهانیش کاریگەری تەواوی کردبووە سەر ئەو کێشەیەو ئەنجامەکەی ، هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان وایکرد زۆربەی ڕۆشنبیران و خوێندەواران و خەڵکی ئاسایی زیاتر بەرەو بیروباوەڕی شیوعییەت بچن ، کە زۆر بەخێرایی لەعێراق وباشوری کوردستان بڵاوببێتەوەو ببێتەهۆی پشتگیریکردن وهاندانی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت بە تایبەتی لەلایەن ئەو کەسانەی نووسەرو رۆشەنبیرو شیوعی بوون ، ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان زیاتر لە خزمەت چینی کرێکارو جوتیاراندا بوو .

**هۆکارە دەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازەش :**

١- سەرکەوتنی بەرەی سۆشیالیزم ودیموکراسی لەجەنگی دووەمی جیهان و بڵاو بوونەوەی بنەماکانی یەکسانی ودادپەروەری بەگشتی لەجیهان و لای میللەتانی ڕۆژ هەلآتی ناوەڕاست وژێردەستەکان بەتایبەتی زۆرتر ریالیزمیان چەسپاند .

٢- بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن چەند وڵاتێکی وەک : هیندستان و ئیندۆنیسیا.

٣- کشانەوەی سوپای داگیرکەری بێگانە (فەرەنسا) لە سوریاو لوبنان .

٤- سەرکەوتنی چینی کرێکار لە ڕۆژهەلآتی ئەوروپاو چیندا ، کە بووە هۆی پێکهێنانی بەرەیەکی مەزنی سۆشیالیزمی .

**هۆکارە ناوەخۆییەکانیش ئەمانە بوون :**

١- گەلی کورد لەعێراق ، لەئەنجامی جموجۆڵی سیاسییەوە چەند حیزب و بەرەیەک دروست بوون کە ئامانجیان ڕزگارکردنی کوردستان بوو ، وەک : (کۆمەڵەی هیوا) لە ساڵی (١٩٤٢) ، بۆیە نووسەران و رۆشنبیرانی کورد هەوڵیانداوە لەڕێگەی نووسینەکانیان ئەم بارە سیاسییە دەر بخەن .

٢- هەڵگیرساندنی شۆڕشی بارزان لەساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥) بە سەرکردایەتی (شێخ ئەحمەد) ، کە لەلایەن حکومەتی ئەوکات دامرکێندرایەوە .

٣- پەیڕەوکردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەلایەن ئینگلیزەکان ، کە بژێوی خەڵک لەوکاتدا زیاتر لەسەر کشتوکاڵ بوو.

٤- دروستبوونی کۆماری کوردستان لە ساڵی (١٩٤٥-١٩٤٦) لەشاری مهاباد ، دوایی بەپلان گێڕانی ڕوسیاو شای ئێران کۆمارەکە ڕوخێندرا .

٥- ڕاپەڕینی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لەناوچەی گاورباغی کەرکوک لە ساڵی (١٩٤٦) بەسەرکردایەتی کرێکارە شیوعییەکان .

٦- ڕاپەڕینی (وەسبە)ی کانونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) لەسەرتاسەری عێراق ، لەلایەن قوتابیانی پەیمانگاو کۆلێژەکانی شاری بەغداو شارەکانی تری عیراق، کە زۆربەیان ئەندامانی حزبی شیوعی عیراقی بوون ، پاشان حزبەکانی تریش بەشدارییان تێداکرد .

٧- راپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە دژی ئاغاکانی دزەیی لە ساڵی(١٩٥٣) بە بەشداری جوتیارانی زیاتر لە (١٢٩) گوند ، کە زۆربەیان لەسەر بیروباوەڕی شیوعی بوون .

٨- بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول و هەڵگیرسانی شەڕ دژی کورد لە ساڵی(١٩٦١) و پەیوەندی کردنی زۆربەی سەرکردە شیوعیەکانی کورد بە شۆڕشەکە .

بۆیە دەتوانین بڵێین ساڵی (١٩٤٥-١٩٧٠) بە قۆناغێکی سیاسی گەشی کوردستان دادەنرێت ، ئەمەش لە بەرهەمە شیعرییەکان و نووسراوەکاندا ڕەنگی داوەتەوە .

## د : روخسارو ناوەرۆک و بنەماکانی ریالیزمی کوردی :

ڕوخساری ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە رەخنەگرتنە لە دواکەوتوویی ژیانی گەلی کوردو پاڵ بە گەلەوە دەنێت کە دواکەوتوویەکەی چارەسەر بکات .

وەک کامیرایەک وێنەی ئەو بارە سیاسی و کارە نابەجێ و دوژمنکارانەی ڕژێمی ئەوکاتیان دەخستە روو ، لەگەڵ **دەرخستنی جیاوازی چینایەتی کۆمەڵی کوردەواری** بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی (14ی تەمووزی1958) ، کە ببووە**هۆی بڵاوبوونەوەی هەژاری و دوا کەوتوویی ،** شاعیران و نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە **بابەتی : (هەژاری وبرسییەتی وگرانی و دزی) بخەنە ڕوو** ، هەروەها بایەخیان بە چەوساندنەوەی ئافرەت داوە وەک :

ا- دەستبردن بۆ ناموسی ئافرەتان و بە زۆر بەشوودانیان ومارەکردنی کچان لەخۆیان و کوڕەکانیان بەزۆر ،
ب- نیشاندانی ئازایەتی ئافرەتانی کورد وەک شۆرشگێڕو خەباتکار لەپاڵ پیاوان و بەشداری کردنیان لەدژایەتی داگیرکاری بێگانە ،
ج- نیشاندانی جیاوازی چینایەتی نێوان جوتیارو دەرەبەگ وشێوەی زوڵم وزۆرداری و چەوساندنەوەی جوتیاران لەلایەن ئاغاکانیان ، وەک دەستگرتن بەسەر زەوی وزارو موڵک وماڵیان
د- دەرخستنی مافی کرێکاران وەک چینێکی مافخوراوی ناو کۆمەڵگاو ژیانی کۆڵەمەرگی ئەوان ،
ە- وێناکردنی خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناو بەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی خۆی و ئەو گەل ومیللەتە ژێردەستانەی کە هاوشێوەی ئەون لە ناوچەکەداو لە جیهانیشدا کە بەشێکن لە خەباتی ڕەوای ئادەمیزادی ئەو سەردەمە بەرامبەر بەکۆنەپەرستی وسەرمایەداری ، ئەمەش خۆی لە ئازادی وسەربەستی و سەربەخۆیدا دەبینێتەوەو لەلایەن شارەزایانەوە بە شیعری سیاسی ناو دەبرێت .

ە : **<u>گرنگترین رابەرانی ریالیزم و بەرهەمەکانیان :</u>**

<u>لە بواری شیعردا :</u>

گۆران وبێکەس و ئەحمەد موختار بەگی جاف ، بەختیار زێوەرو موفتی پێنجوینی و شێخ سەلام وعبدالواحد نوری و محەمەد حوسێن بەرزنجی و محەمەد ساڵح دیلان و کامەران موکری و حەسیب قەرەداخی و عەلی فەتاح دزەیی و ئەحمەد هەردی و مارف بەرزەنجی و رەئووف دڵدارو ئەحمەد دڵزارو کەریم شارەزاو قەدری جان و جگەرخوێن وقانع و هێمن موکریانی و هەژار موکریانی و حەقیقی وخاڵەمین و سەید کاملی ئیمامی و زۆرانی تر .

**<u>لە بواری چیرۆکدا :</u>**

(جەمیل صائب- لەخەوما) ، (ئەحمەد موختار جاف - مەسەلەی ویژدان – یان چۆن بووم بەخانەدان) ، (شاکر فەتاح - بووک و خەسوو ، مدیر بەگ ، دەستپاکی ، سەرێکی هەیەو هەزارسەودا) ، (حەسەن قزلچی - پێکەنینی گەدا) ، (پیرەمێرد- دوانزە سوارەی مەریوان) ، (علاءالدین سجادی - هەمیشە بەهار) ، (ئیبراهیم ئەحمەد (بلە) ، کوێرەوەری ، ژانی گەل ، درک و گوڵ) .

**<u>شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٤٥-١٩٧٠) دا :</u>**

شیعری نوێی کوردی ئەم قۆناغە بە ڕیالیزمیش ناو دەبرێت ، یاخود شیعری بەرگریی ، بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک ڕووداو هەبوون وایانکرد کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی

ناوەڕۆکی شیعری کوردی لە ڕۆمانسیزمەوە بۆ ڕیالیزم هەبێت ، ئەمانەش کارێکی وا ئاسان نەبوو لەم سەردەمەدا ، بەتایبەتی جیهان بەسەر دوو بەرەی جیاوازو دژ بەیەک دابەش ببوون : بەرەی ڕۆژهەڵات (سۆشالیست/ شیوعییەت) و بەرەی ڕۆژئاوا (سەرمایەداری) کە کوردستانی باشووریش لەم ململانێیە بێبەش نەبوو ، لەم ماوەیەدا شیعری نوێ و پەخشانی هونەری لەسەرپێ وەستان و بوون بەنەریت ، شیعرە کلاسیکیەکەش هەندێک جار وەکخۆی مابووەوەو هەندێکجار تێکەڵ بە(شیعری نوێ) ببوو، ئەمە جگە لەوەی شاعیران قاڵبی کۆنیان بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی وسیاسی بەکاردەهێنا ، ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا : شیعری نوێ وپەخشانی هونەری و تێکەڵکردنی کۆن و نوێ بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەدەبی کوردی هەنگاوی زیاتر بەرەو پێشەوە بنێت ، ئەو شاعیرانەی کە بەرهەمەکانیان لە ڕۆمانسیزمەوە بۆ ڕیالیزم گواستۆتەوە ئەمانەن :

١- گۆران ، ٢- پیرەمێرد ، ٣- عبدالرحمن بەگی بابان ، ٤- شێخ نوری شێخ صاڵح ، ٥- ڕەشید نەجیب ، ٦- بەختیار زێوەر ، ٧- ئەحمد هەردی ، ٨- کاکەی فەللاح ، ٩- ع . ع . شەونم ، ١٠- محمد علی مەدهۆش ، ١١- محمد صاڵح دیلان ، ١٢-حەسیب قەرەداغی ، ١٣- کامەران موکری ، ١٤- نوری وەجدی ، ١٥- صاڵح هەژار ، ١٦- ئەبوبەکر هەوری و زۆری تر . لە هەولێریش : علی فەتاح دزەیی ، شێخ نوری شێخ جەلال ، مەلامەسعود بێبەش ، پیرباڵ مەحمود ، مەدحەت بێخەو . لە کۆیەش : زەکی ئەحمەد هەناری ، کەریم شارەزا ، ئەحمەد دڵزار ، سامی عەولاو هی تر بوون .

شاعیرانی ئەم قۆناغە دەکرێن بە دووبەشەوە : ١- پەیڕەوانی شیعری کلاسیکی کۆن .

٢- پەیڕەوانی شیعری نوێ و نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا .

یەکەمیان : زۆرتر بایەخیان  بە نوێکردنەوە دەدا لەچوارچێوەی شیعری عەرووزی و ئەدەبی ئیسلامی ، دووەمیش : بەگشتی بایەخیان پێدەدرێ چونکە شتی تازەو لەمەوپێش نەبوو، لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوەش شتیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردیەوە .

## چوارەم : ڕێبازی پەڕناسیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا :

### ا : چەمکی پەرناسیزم :

لە ئەفسانەی یۆنانیدا ناوی کێویکە کچی زیۆس خودای جوانی بووە ، لەگەڵ براکانی (ئەپۆڵۆ) گوایە لەوێدا ژیاون ، شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە زیاتر بایەخیان بەناخی شیعر داوە .

### ب : مێژووی سەرهەڵدانی پەرناسیزم :

ڕێبازی پەرناسیزم لەگەڵ ریالیزم لەیەککاتدا سەریان هەڵدا ، ئەویش لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بوو ، هەروەها پەرناس وریالیزم هەردووکیان دژی رۆمانسییەت بوون ، هەر خۆشیان دژی یەکتربوون ؛ پەرناس مانای : (هونەر بۆ هونەر یان لە پێناو هونەر) دەدا ، بەڵام ریالیزم بە مانای : (ئەدەب بۆ گشت ، یان ئەدەب لە پێناو کۆمەڵ و مرۆڤ)دا بوو ، لەهەمانکاتدا ڕێبازی سیمبۆلیزم سەریهەڵداو زۆرانبازێی لەگەڵ هەردوو ڕێبازەکەی پێشووتردا دەکرد ، ئەگەرچی دوای ئەوان بەچەند ساڵێکی کەم پەیدا ببوو ، واتە لەسەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو بەتایبەتی لەساڵانی (1860) بەدواوە سەری هەڵدا ، بۆنموونە لەساڵی(1866) کۆمەڵە شیعرێک لەپاریس بەناوی (پارناسی هاوچەرخ) لە چاپدرا ، کە بریتی بوو لە هەڵبژاردە یەک لە شیعرەکانی (ستیڤان مالارمێ)و(لۆکۆنت دولێل) و (سوللی پرۆدۆم) و(هیریدا) و(فرانسوا کۆپیێ) و(ڤێرلین) ، کۆبوونەوەی ئەم شاعیرانە کاتێک بوو کە بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە دەزانرا ، بەڵام پاش ماوەیەک (مالارمێ) و (ڤێرلین) لێیان جیابوونەوەو بوون بەڕابەڕانی سیمبۆلیزم .

### ج- پێناسەی پەرناسیزم :

ڕێبازێکی شیعرییە پاش لاوازبوونی رۆمانسیزم وەک بەرپەرچدانەوەیەک بەرامبەر بە زێدەڕۆیی شاعیرە رۆمانسییەکان لە بەرجەستە کردنی هەستوسۆزو دەرخستنی خودی تاکە کەسی سەریهەڵدا ، چونکە گەیشتبووە رادەیەک کە شاعیرە رۆمانسییەکان هەموو شتێکیان لەدەرەوەی خودی خۆیان وسۆزی کەسایەتی ڕەتدەکردەوە ، هەربۆیە لەرووی روخسارەوە : ئەوەندە گوێیان بەتەکنیکی شیعر نەدەدا ، بەڵکو توانا کانیان لەپێناو بەرجەستەکردن و وڕوژاندنی رۆح و عاتیفەدا خستبووە گەڕ .

### د- زاراوەی پەرناسیزم :

وشەی پەرناس وشەیەکە بۆ چیایەک دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە شاری ئەتینای یۆنانی کۆن ، ئەوکاتەی کە شاعیرانی کۆن لەسەدەی (6 و7)ی پێشزاین لە ئەشکەوتێکی ناو ئەو چیایەدا کۆدەبوونەوەو باسی سروشت وجوانی وهەستوسۆزو خۆشەویستییان بۆ یەکتر دەکردو گفتوگۆو بەدواداچوونیان لەبارەیەوە دەکرد ، پاشان بەو شاعیرانە گوتراوە شاعیرانی چیای

پەرناسی ، ئیتر لەسەدەی نۆزدەدا جارێکی تر ئەم دیاردەیە لەفەرەنسا دووبارە بویەوە ، واتە ڕێبازی پەرناسیزم لە فەرەنسا سەری هەڵدایەوە .

**ە – کرۆنۆلۆژیای پەرناسیزم و رابەرانی :** (1860- 1880)

1- لەساڵی (1829)- (فیکتۆر هۆگۆ) پێش ئەوەی ئەرکی رۆمانسییانە بگرێتەبەر بنچینە سەرەتایەکانی (هونەر بۆهونەر)ی پەڕناسی داڕشت ، وەک لە کتێبی (رۆژ هەڵاتییەکان – 1829) دا دەردەکەوێت .

2- لەساڵی(1832و1834) شاعیری ئەڵمانی(تیۆفیل گۆتیَ) دوو کتێبی شیعری بڵاو کردەوە بە ناوی : (ئەلبێڕتۆس) و (مەدمۆزێڵ دوی مۆپان) کە زەمینەیان بۆ سەرهەڵ دانی ڕێبازی پەرناسی (هونەر بۆ هونەر) خۆشکرد .

3- بۆچوونە ئیستاتیکیەکانی (شارڵ بۆدلێر) کەلە ساڵی(1868) بڵاوبۆتەوە دژی رۆمانسییەکانە ، ئەمانەش بوونەتە هاندەرێک وپڕەنسیپێک بۆ پەیدابوونی پەرناسیزم و پاشان چەسپاندنی سیمبۆلیزم ، وەک : لە (گولەکانی خراپە1857) و (پەخشانە شیعرەکان 1861-1866)دا بەرچاو دەکەوێت .

4- شاعیری پەرناسی (لۆکۆنت دوی لیێل) لەساڵی(1852- چەند شیعرێکی کۆن)و لە ساڵی (1862شیعرە کێویەکان/ شیعرە دڕندەکان)ی بڵاوکردەوە کە یارمەتیدەری چەسپاندنی پەڕناسی بوو .

6- لەساڵی(1866) یەکەم کتێبی هاوبەش لەلایەن کۆمەڵێک لە نووسەرە پەرناسەکان بڵاوکرایەوە ، کە تێیدا مانیفێست وڕوونکارییان لەگەڵ بوو : تیایدا قوتابخانەی پەرناسیان وەک ڕێبازێکی نویَ ڕاگەیاند .

**و – ئەدگارەکانی پەرناسیزم :**

1- بایەخدان بە فۆرمی ئیستاتیکی دەقی شیعری و پشتگویَ خستنی ناوەڕۆک .

2 - گرنگی دان بە ریتم و مۆزیکی شیعریی .

3- ڕەنگدانەوەی زاتیەتی شاعیرو زێدەرۆیی لە سۆزو عاتیفەی تاکەکەسی .

ماویەتی